# مەرگی پیاوێکی ڕەنجبەر

ڕۆبەرت فرۆست (*)
لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



**کارەکتەرەکان:**

ماری

وارن

(ئێوارەیە.. بەرهەیوانێکە، ماری داڵغەی لە مانگەکەی ئاسمان داوە، کە گوێی لە تەپپەی پێ دەبێ، یەکسەر هەڵدەستێتە سەرپێ. وارن لە بازاڕ دێتەوە و چەند عەلاگەیەکی بەدەستەوەیە.)

**ماری:** وارن!

**وارن:** چییە؟ چی بووە؟

**ماری:** (ئاوڕێک لە دەرگاکە دەداتەوە) وسسسسسس!

**وارن:** ئەوە چی بووە؟

**ماری:** گەڕایەوە.

**وارن:** کێ؟

**ماری:** سیلاس.

**وارن:** سیلاس؟

**ماری:** بەڵێ.

**وارن:** گەڕایەوە؟

**ماری:** بەڵێ.

**وارن:** ئەی بە نەفرەت بێ.

**ماری:** لەسەرخۆ بە.

**وارن:** بیرم نایەت قەت لەگەڵی میهرەبان بووبێتم!

(ماری عەلاگەکان لە وارن وەردەگرێت و لە بەرهەیوانەکە دایاندەنێت، پاشان پیلی وارن دەگرێت و لەسەر پەیژە دارینەکە، لەتەنیشت خۆیەوە دایدەنیشێنێت.)

**ماری:** دەزانم. بەس ئەوە بوو کە ...

**وارن:** نەمدەویست بگەڕێتەوە. لەدوا کاکێشاندا پێم وت، وا نییە؟

**ماری:** بەڵێ پێت وت.

**وارن:** ئەگەر ئەوسا بڕۆیشتایە پێم دەوت ئیتر تەواو نەیەیتەوە.

**ماری:** دەزانم، بەڵام..

**وارن:** ناتوانم بیگرمەخۆ.. یانی چ خێروبێرێکی هەیە؟ لەو تەمەنەی ئەو..

**ماری:** ئەی کێی تر دەیگرێتە خۆی؟

**وارن:** ئەوە کێشەی ئێمە نییە.. کەس خێری لێ نابێنێ. هەرکات زۆر پێویستم پێی بێت، تێی دەتەقێنێ و دەڕوا.

**ماری:** پێیوایە دەبێ عانەیەک پەیدا بکات.

**وارن:** بەڕاست، پەیدای دەکات؟

**ماری:** عانەیەک لانی کەم بۆ خەرجی جگەرەکەی کە ئەوسا ناچار نابێت دەست لە کەس پان بکاتەوە و چاو بەرەوژێری خەڵکی بێت (وارن هەناسەیەک هەڵدەمژێت و سەری دادەخات، ماری دەست دەخاتە سەر دەستی) خۆ نابێ زۆریش پەیدا بکات.

(وچانێک)

**وارن:** باشە، بەڵام ناتوانم هیچ هەقدەستێکی بدەمێ.

**ماری:** منیش پێموانییە ئەم جارە چاوی لە هەقدەست بێت.

**وارن:** بەلامەوە گرنگ نەبوو ئەگەر خەریکی باشترکردنی وەزعی خۆی بوایە. دەتوانی مەرج بکەی کاتێ گەمەی لەم جۆرە دەکات وەک یەکێک کە هەوڵ دەدات باوەڕی پێ بێنێ بەو دوو عانەیەی گیرفانی، ئەوجا هەموو زستانێک دێتەوە، من پێت دەڵێم من تەواو، ئەمە دوا..

**ماری:** وسسسسس! دەنگت نزم بکە دەنا گوێی لێت دەبێ.

**وارن:** وەی خەم، دەمەوێ گوێی لێ بێ. زوو، یان درەنگ دەبێ گوێی لێ بێ.

**ماری:** بەڵام ئێستا نا، ئێستا پەکی کەوتووە.

**وارن:** ئەی لەکوێیە؟

**ماری:** لای تەباخەکە ڕاکشاوە.

**وارن:** لای تەباخەکە؟

**ماری:** کاتێ لە سوپەرمارکێتی ڕۆییس گەڕامەوە، بینیم لێرەیە، لەبەردەم دەرگای کۆگاکە بوو. دیمەنێکی ناقۆڵای هەبوو، ترساندمی. ئاوا پێمەکەنە.. نەمناسییەوە. من بەدوایدا نەدەگەڕام و ئەویش زۆر گۆڕا بوو. ڕاوەستە تا بەچاوی خۆت دەیبینی.

**وارن:** وتت لەکوێ بوو؟

**ماری:** هیچی نەوت بەکێشم کردە ژوورەوە، چام دایێ، گەرمم کردەوە. هەوڵم دا دەربارەی گەشتەکانی بدوێ، بەڵام هیچی نەدەکرد.. هەر تەنیا سەری دەلەقاند.

**وارن:** لەوانەیە سەرخۆش بێ.

**ماری:** نەخێر.

**وارن:** نەخێر؟

**ماری:** من بەسەرخۆشی بینیومە، بەڵام ئەمەیان جیاوازە.

**وارن:** ئەی هیچی نەوت؟

**ماری:** شتێکی وای نەوت.

**وارن:** شتێکی وای نەوت؟

**ماری:** بەزەحمەت وشەیەکی لەدەم دەردەهات.

**وارن:** شتێک هەیە و تۆ پێم ناڵێی، ئەو شتە چییە؟ (وچانێک) ماری پێم بڵێ وتی دێت چیمەنەکەم بۆ هەڵدەکەنێ، وا نییە؟

**ماری:** وارن!

**وارن:** وتی، یان نەیوت؟ بەس دەمەوێ ئەوە بزانم.

**ماری:** بێگومان وتی. (وارن پێدەکەنێ) ئەی

دەتـەوێ چـی بڵـێ؟ بەدڵنیاییـەوە خـۆ بەغیلـی بـەو پیرەمێردە نابـەی کـە بەشـێوەیەکی بێنازانـە قـەدری خـۆی دەپارێـزێ.

**وارن:** پێمابـوو ئـەم جارە بـە شـتێکی تـازەوە دێـت.

**مـاری:** ئەوەشـی وت ئەگـەر بەڕاسـتی دەتـەوێ بزانیـت. مەبەسـتی پاککردنـەوەی لەوەڕگاکـەی سـەرەوە بـوو.

**وارن:** گوێم لەوەشیان بوو.

**مـاری:** وارن خۆزگـە بـەو شـێوەیە گوێـت لـێ دەبـوو کـە هەمـوو شـتێکی بەسـەر یەکـدا دەشـێواند، ئـەوەش شـڵەژاندمی، دوو سـێ جـار دیقەتـم دا تـا بزانـم ئـەوە لـە خـەودا قسـە دەکات. ئـەو هـەر درێـژەی پـێ دا و کەوتـە باسـی هارۆڵـد ویڵسـن. تـۆ هارۆڵـدت لەبیـر مـاوە؟ ئـەو کـوڕەی چـوار سـاڵ پێـش ئێسـتا کای دەکێشـا و ئیشـت لەگـەڵ دەکـرد؟

**وارن:** بێگومان لەیادمە.

**مـاری:** قوتابخانـەی تـەواو کـرد و ئێسـتاش لـە کۆلیژێـک خەریکـی وانـە وتنەوەیـە.

**وارن:** عەوافی بۆ خۆی.

**مـاری:** سـیلاس دەیـوت پێویسـتە لەسـەرت بیگەڕێنیتـەوە.

**وارن:** پێمابـێ سـیلاس ئـەو جێیـە بەڕێـوە دەبـات.

**مـاری:** سـیلاس دەیـوت هەردووکیـان پێکـەوە تیمێکـی تەواویـان پێـک هێنـاوە، دەیـوت ئـەوان ئـەم کێڵگەیـە زۆر جـوان دەکـەن. بـەو جـۆرەی کـە شـتەکانی تێکـەڵ دەکـرد، پێدەچـوو سـەری لـێ شـێوابێ.

**وارن:** پشوویەکی کورت چاک دەبێت!

**ماری:** پێمابێ (ویلسن)ی لاوی خۆش دەوێ.

**وارن:** تـۆ قـەت نازانـی بـە چ جۆرێـک بـەو چلـەی گەرمایـەی مانگـی تەممـوز بەربەرەکانێیـان دەکـرد. سـیلاس ئـەو عەرەبانەیـەی پـڕ دەکـرد و هاڕۆڵدیـش بـەم لا و ئـەو لادا هەڵـی دەڕشـاند. منیـش نەمهێشـت ورتـەی لـەدەم بێتـە دەر.

**مـاری:** هەرچۆنێـک بێـت ئـەو ڕۆژە گرفتدارانـەی سـیلاس وەکـوو خـەون وایـە.

**وارن:** سـەیرە کـە چـۆن هەنـدێ شـت زۆر لەجێیەک بەنـد دەبن.

**مـاری:** دەزانـی هاڕۆڵـدی لاوی قوتابـی کۆلێـچ زۆر متمانـەی بەخـۆی هەیـە و مـن ئـەوە بەبەشـێک لەبوونـی ئـەو دەبینـم. دوای ئـەو هەمـوو سـاڵە بەردەوامـە لـە دۆزینـەوەی ئارگیومێنتـی بـاش کـە ڕەنگـە دەسـت و پەنجـەی لەگەڵـدا نـەرم کردبـێ.

**وارن:** مـن لەگەڵتـدا هـاوڕام. دەزانـم ڕێـک هەسـت بەچـی دەکـرێ ئەگـەر قسـە قافـی هـات و درەنـگ بکـرێ. هەمـوو جـارێ کـە لەگـەڵ تـۆدا دەکەومـە قسـە ئەمـە ڕوو دەدات.

**ماری:** زۆر لەوە زیاترە.

**وارن:** مەبەستت چییە؟

**مـاری:** لێـی پرسـیم قسـەکەی (هارۆڵـد)م پـێ چـۆن بـوو کـە دەیـوت زمانـی لاتینـی وەک کەمانچـە خوێنـدووە، چونکـە حـەزی لـێ بـووە.

**وارن:** بیانوویەکی خراپ نییە.

**مـاری:** دەیـوت نەیتوانیـوە بـاوەڕ بـەو کـوڕە بێنـی کـە دەتوانـێ لەسـەر بـەردی ڕەق نـان پەیـدا بـکات. دەیـوت ئـەوە سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە قوتابخانـە چەنـد یارمەتیـدەر بـووە. ئـەو پێیوابـوو ئەگـەر یـەک دەرفەتـی تـری بوویووایـە تـا فێـری بـکات کـە چـۆن شـەغرە دروسـت بـکات.

**وارن:** دەزانـم ئـەوە یەکێکـە لـە زیرەکییەکانـی سـیلاس. هەمـوو ئامـرازەکان لـە شـوێنی خۆیانـدا کـۆ دەکاتـەوە، ئەوجـا هێمـا و ژمـارەی بـۆ دوایـی (داهاتـوو) لەسـەر دادەنـێ، بـەو جـۆرە دەتوانـێ

لە کاتی داگرتندا بەئاسانی بیاندۆزێتەوە و بیانجوولێنێ. سیلاس ئەوە زۆر بەچاکی جێبەجێ دەکات. ئەو بەکۆمەڵ وەک هێلانەی باڵندە دەریان دەهێنێ، ئەوجا تۆ هەرگیز نایبینی لەسەر کایەکە بوەستێ، وەختێ هەوڵی بەرزکردنەوەی دەدا خۆی لەگەڵ بەرز دەکاتەوە.

**ماری:** پێی وایە ئەگەر بتوانێ ئەمەی فێر بکات، ڕەنگە سوودبەخش بێ و لەم جیهانەدا سوود بەکەسێکیش بگەیەنێ.. دەیوت ڕقی لەو کوڕانەیە کە خۆیان بەکتێبەوە خەریک دەکەن. زۆر بیر لەخەڵکی تر دەکاتەوە و هیچ شتێکی نییە لە ڕابوردوودا جێی شانازی بێت تا ئاوڕی لێ بداتەوە.

**وارن:** ئێ هیچ شتێکیش بە ئومێدەوە ڕوو لەداهاتوو نییە.

**ماری:** هەموو ژیانی بەو جۆرەیە، ئەوجا ئێستا و هەرگیزیش جیاواز نەبووە. (بێدەنگی.. ماری سەر هەڵدەبڕێ و لە مانگ دەڕوانێ) وارن وابزانم.. وابزانم هاتووەتەوە ماڵ تا لێرە بمرێ. مەترسە ئەم جارە جێت دەهێڵێ.

**وارن:** (گاڵتەپێکردنی لەسەرخۆ) ماڵ؟

**ماری:** بەڵێ، لەماڵ زیاتر شوێنێکی تر هەیە؟

**وارن:** پێموابێ دەوەستێتە سەر ئەوەی مەبەستت لە وشەی ماڵ چی بێ.

**ماری:** بەدڵنیاییەوە ئەو خۆ هیچی ئێمە نییە. جگە لە پیرەمێردێکی کەنەفت و نامۆ کە لەو دەشتەوە بۆمان پەیدا بوو، هیچیتر نییە. ئەو پیرەشرێکی داماو و فرێ دراوە. وابزانم ماڵ شوێنێکە کاتێ بۆی دەچی، ڕێت پێ دەدەن بچیتە ژوورەوە.

(وارن دەچەمێتەوە و یەک دوو هەنگاو دەچێتە پێش، دارێکی بچووک هەڵدەگرێ و دەیهێنێ. دارەکە لەدەستیدا دەشکێنێ و بەم لاو و بەو لای خۆیدا فڕێی دەدا).

**وارن:** پێت وایە سیلاس ئێمە لەبراکەی بەباشتر دادەنێ؟ هەر بیست میلێک لەو سەرەوەیە. دەتوانی سوێند بخۆی کە ئەو ماوەیە بەپێیان ڕۆیشتووە. ئەی بۆ لەوێ نەمایەوە؟ براکەی دەوڵەمەندە و بەڕێوەبەری بانک و شتی لەو جۆرەیە.

**ماری:** ئەو هەرگیز ئەمەی پێ نەوتووین.

**وارن:** خۆ بەس دەمانزانی.

**ماری:** بێگومان براکەی یارمەتی دەدات. ئەگەر ناچار بم قسەی لەگەڵ دەکەم.

**وارن:** بەهەقیش بێت، ئەو دەبێ بیگرێتە خۆ.

**ماری:** لەوانەیە ویستبێتی.. ڕەنگە باشتر بێ لەوەی کە بە ڕواڵەت دەردەکەوێ، بەڵام تۆزێ بەزەیی بە (سیلاس)دا دێتەوە. ئەی پێت وایە ئەگەر بەکەسی خۆی، یان بەهەر شتێکی تر بزانیایە، چاوی لەبراکەی نەدەبوو و بەردەوام لای خۆی گلی نەدەدایەوە؟

**وارن:** بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ چیان لەنێواندا هەبێ.

**ماری:** من پێت دەڵێم. سیلاس ئەوەیە کە دەیبینی.. ئێمە گوێمان لێ نییە، بەڵام خۆی ڕێک جۆرێکە کە لەگەڵ خزم و خوێش ناحەوێتەوە. ئەو هەرگیز شتێکی خراپی وای نەکردووە، هەروەها خۆشی نازانێ بۆچی وەک هەر کەسێکی تر نییە. خۆی شەرمەزار ناکات تا براکەی ئاسوودە بکات، سوودی نییە کەوا بکات. ئەو هەر تەنیا ئەوەندە قەدرەی هەیە.

**وارن:** ڕاست دەکەی لەبەر ئەوەیە، بۆیە بەم جۆرەیە. باوەڕ ناکەم قەت کەسێکی ئازار دابێ.

**ماری:** نەخێر بەس ئەمشەو دڵی منی شکاند بەو جۆرەی کە پاڵ کەوت و کەللەی سەری بەلێواری تیژی ئەسکەمیلەکەدا بەم لا و بەو لادا

دەسوی.

**وارن:** ناهێڵێ بیخەیتە سەر قەنەفەکە؟

**ماری:** نەخێر، بڕۆ بزانە دەتوانی هیچی بۆ بکەی؟

**وارن:** زۆر باشە.

**ماری:** ئەمشەو قەرەوێڵەکەی بۆ دادەنێم. (وارن هەڵدەستێتە سەر پێ) سەرت سوور دەمێنێ کە بیبینی چەند کڵۆڵە. پێم وابێ تازە لەپەلوپۆ کەوت.

**وارن:** هەروا بەپەلە بڕیاری خۆت مەدە.

**ماری:** پەلەم نەکردووە.

**وارن:** ئەو پیرە بزنێکی جەربەزەیە.

**ماری:** بڕۆ.. بەچاوی خۆی ببینە، بەڵام وارن.. (وارن وچانێک دەدا) تکایە لەبیرت نەچێ کە چۆنە. دێت یارمەتیت دەدات بۆ هەڵکەندنی باخچەکە. ئەو پیلانی خۆی هەیە و تۆش نابێ پێی پێبکەنی.

**وارن:** پێی پێناکەنم.

**ماری:** لەوانەیە نەتوانێ قسە بکات، ئەوجا لەوانەشە.

(وارن سەر با دەدات و دەستی بەدەرگاکەوەیە)

**وارن:** تۆش دێیت؟

**ماری:** نەخێر، ئێستا نایەم. تۆزێ لێرە دادەنیشم و سەیر دەکەم بزانم ئەو هەورە بەری مانگەکە دەگرێ، یان نا.

(وارن دەڕواتە دەرەوە - بێدەنگی - بەپەلە دەگەڕێتەوە لە تەنیشت ماری دەدانیشێ و دەستی ماری دەگرێ و چاوەڕێ دەکات)

**ماری:** وارن چی بووە؟

**وارن:** مردووە.

(بەهێواشی ڕووناکی کز دەبێ تا تاریک دەبێ).

(*) (ڕۆبەرت لی فرۆست)ی شاعیری ئەمریکی لە ١٨٧٤ لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا لە دایک بووە، تا تەمەنی یازدە ساڵان هەر لەوێ ماوەتەوە. باوکی ڕۆبەرت مامۆستا بووە و دوایی بووە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی بۆڵتنی ئێوارانی سانفرانسیسکۆ. ڕۆبەرت سەرەتا شیعرەکانی لە گۆڤاری قوتابخانەکان بڵاو دەکاتەوە. یەکەمین شیعری لەساڵی ١٨٩٤ لە ڕۆژنامەی نیویۆرک ئیندیپێندەنت بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩١٢ دەچێتە بەریتانیا، لەساڵی ١٩١٥ دا دووبارە دەگەڕێتەوە ئەمریکا، ڕۆبەرت لە ساڵی ١٩١٦ تا ١٩٣٨ لە کۆلیجی ئەمهێرست وانەی زمانی ئینگلیزی وتووەتەوە. ساڵی ١٩٢٤ خەڵاتی پۆلیتزەری وەرگرت، دواتریش ئەو خەڵاتەی سێ جاری تر وەرگرتووە. ڕۆبەرت زیاتر لە ٣٣ کۆمەڵە شیعری بڵاو کردووەتەوە، ئەمە جگە لە چوار کتێبی شانۆگەری و حەوت کتێبی پەخشان و لێکۆڵینەوە. دواجار (ڕۆبەرت فرۆست)ی شاعیر و شانۆنامەنووسی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکجاریماڵئاوایی لە ژیان و شیعر و شانۆ و نووسین دەکات.

**تێبینی:** ڕۆبەرت فرۆست ئەم شانۆنامەیەی بە شیعر نووسیوە، وۆڵتەر ویکس بۆ شانۆ ئامادەی کردووە.

**سەرچاوەکان:**


1- http://www.10-minute-plays.com/dramas/the_death_of_the_hired_man.html

2- http://en.wikipedia.org/wiki/Robert_Frost